# دیمەنی سفرەی بەربانگ لە بیرەوەریەکانی حاجی عەولای قازی دا

## تاهیر عەلیار

( پێشکەش بە کاک برایم فەرشی)

مەحکەمەکانی قازی تەنیا شوێنی قسەوباسی سیاسی وگیروگرفتە کانی کۆمەلایەتی نەبوون بەلکوو هەروەها ناوەندی کۆبوونەوە و جەفەنگ و قسەی خۆش وبانگهێشتنی گەورەپیاوانی شاربە تایبەتی لە مانگی رەمەزان دابوو. شەوێک چەند گەورە پیاوی ماقووڵی شار لە مەحکەمەی قازی مونعیمی کۆ دەبنەوە .باسی بەربانگ و پارشێو و بانگی شێوان دێتە گۆڕێ و هەر کەسە باسی ئەو شتانە دەکا کە بۆ بەربانگ هەیانبوە.

.حاجی ساڵحی....ئاغای ئاوایی...کەمێک ناساز وبێ تاقەت دەبێ و لەو مەجلیسە دا روو لە قازی دەکا و ئاوادەگێڕێتەوە : قازی بە سەری تۆ رەعیەتەکانم کەوێکیان بۆ هێنابووم ، کوتم بۆم بکوژنەوە و بۆم لە بن پڵاوێ نێن .کەوەکەیان کوشتەوە و لەبن پڵاویان نا . بەر بانگێ کە چوومەوە چایەکیان بۆ هێنام ، کە چایەکەم خواردەوە ئیدی ئیشتیام بە سەرچوودوایە خواردنیان بۆهێنام رانی کەوەکەم لە زاری نا کەمیکم جووت ئیدی بۆم نەخورا ولەوێم داناوە . قازی هیچم بۆ ناخورێ وئەوە گوتوومە بۆ پارشێوێ بۆم هەڵگرن، بەشکوو بتوانم بیخۆم،. قازی لە کەمێک فرنی و مەشکەفی زیاتر هیچی دیکەم بۆ ناخورێ.

لەومەجلیسەدا حاجی...(سەلاکەر)کە پیاوێکی بەخۆوە و زۆرخۆربوو و کەوشی خەڵکی دێهاتی کە لە زەنجان رادەهات ، ناڵی دەکرد وبزمار و ئاسنی لێدەدا لەوێ بوە .قازی دەپرسێ و دەڵێ حاجی ئەتۆ بۆ بەربانگێ چت هەبوە ؟ ئەویش دەڵێ قازی بەسەری تۆ چێشتانێ چوومە بازاری مەیدانی مەنگوڕان . حەمەدەمینی قەساب کەڵێکی کوشتبۆوە . قازی گۆشتەکەی هەر توێ یەک رەشە گوشت و توێ یە ک بەز بوو .قەڵەو و جوان.کوتم حەمەدەمین ئەو رانە کە نیو پووت دەبوو بۆم لێبکەوە . قازی بردمەوە ماڵێ وبەدایکی کوڕانم کوت بۆ بەربانگێ بۆم بکەنە کفتە .دوایی چوومەوە بازاڕی ماست و توورەپیوازم کڕی . لە سەڕرا چوومەوە بازاری 4،3 جووت کەوشم بزمارڕێژ کرد. دوایە چوومە حوجرەی میرزا رەحمەتی شافعی .تاجرەکان هەمووی لەوێ کۆببوونەوە .ملمان لە دامە نا.دوایە بانگی داو چووین نوێژمان بە جەماعەت کرد. دیسان چووینەوە حوجرەی میرزا رەحمەتی وتابانگی ئێوارێ دەستمان بە دامە وجەفەنگان کردەوە. دوایە کە وردە وردە بازاڕچۆڵ بوو وخەڵک بەرەو ماڵ دەبوونەوە گوتم باسەرێکی ماڵێ بدەمەوە بزانم کفتەیان لێناوە یان نا ، ئەگەرچوومەوە ماڵێ و سەری تەندوورم لابرد تەماشام کرد مەنجەڵێکی زەلام لە تەندوورێ دایە . سەری مەنجەڵەکەم لابرد هالاوی شۆرباوەکە وەک بۆمب لە دم و چاومی دا وهەموو ژوورەکەی داگرت . ئەگەر تەماشام کرد مەنجەڵەکە هەر قوڵتەی دەهات وکفتە وەک کەڵ و گامێشی نێو گۆمێ سەریان دەردێنا وقوم دەبوونەوە وبڵێند و نەوی دەبوون .خۆشی خۆشی دیسان چوومەوە دەرێ نوێژی شێوانم کرد . دوایە بەرەو ماڵ بوومەوە لە رێگایە بانگی دا و تووشی کابرایەکی بووم قورسی نەعنەی سوور وشینی دەفرۆست، 9،8 دەنکم لێ کڕی و دە زارم نا و مژتمن ، گەیشتمە لای ماڵی خۆمان تووشی ئاشریتی بووم . کولێرەی نان ساجی دەفرۆشت هەرام لێکرد و کوتم وەرە . قازی بەسەری تۆ 12 دانەم لێکری و کردمنە بابۆڵە و دەزارم نا و بەڕێوە خواردمن . ئەگەر چوومەوە ماڵێ کەوڵیان راخستبوو. شاکاشیە کیان پڕلە شورباوکردبوو وچەند کفتەیەکیان لەسەر دەوریەکی بە جوێ دانابوو لەولاش جامێکی مەڕدۆشی پڕ لە ماستاویان دانابوو. لە لایەکی دیکەش ئەوەندەیان توور و پیواز دانابوو. قازی بەسەری تۆ 8 نانم تێکوشی و 8 نانیشم پێ خوارد . ئەوجارنۆرەی کفتان هات . قازی بە خودای 16،15 کفتەشم بە نانەوە خوارد. دوایە ئەو ماستاوەشم بەسەرداکرد. قازی ، ئەگەر قرپێکم هاتەوە دەتکوت کاروانسەرای سەیدعەلی رووخا ئاوای گرمە هات . قازی لیوانێکیشم هەیە بە قەرا سەتڵێکی ئاو دەبا بە ئەویش یەک چایان بۆهێنام،ئەویشم خواردەوە دوایە چوومە مزگەوتێ دەستنوێژم شوشت ونوێژی تەراوێحم بە جە ماعەت کرد.ئیستاش ئەوە هاتوومە ئێرە.